سەرۆک وەزیران جەختی دەکاتەوە لەسەر بەردەوامبوون لە پشتیوانی گەورەی حکومەت بە کەرتی وەرزش

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ دووشەممە بە سەرۆکی لیژنەی ئۆلمپی نیشتمانی عێراق عەقیل موفتن جەختی کردەوە لەسەر بەردەوامبوون لە پشتیوانی گەورەی حکومەت بە کەرتی وەرزش.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لەڕاگەیندراوێکدا کەدەستی ئاژانسی موتەبع کەوتووە تیایدا هاتووە"سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، پشوازی کرد لە سەرۆکی لیژنەی ئۆلمپی نیشتمانی عێراق، عەقیل موفتن.

سەرۆک وەزیران بڕیاری ڕاگەیندراوەکە پیرۆزبایی لە موفتن کرد بەبۆنەی سەرکەوتنی لە سەرکایەتی کردنی نووسینگەی جێبەجێکاری لیژنەی نیشتمانی ئۆلمپی لە هەڵبژاردنەکانی ئاژی شەممەی ڕابردووداو جەختی کردەوە لەسەر بەردەوامبوون لە پشتیوانی گەورەی حکومەت بە کەرتی وەرزش و بڕوودان بە پڕۆژە و پڕۆگرامە وەرزشییەکان، کە یارمەتیدەرن بۆ پڕەپێدانی دامەزراوە وەرزشییەکان و پاڵپشتیکردنی هەڵبژاردە نیشتمانییەکان و پاڵەوانەکان لە یارییە جەراوجەرەکان و پشبەکەکاندا.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بە پێژەی "پاڵەوانی ئەمپیاد" کرد کە لە سەردەمی حکومەتی ئێستادا دامەزراوە و گرنگی جێبەجێکردنی، کە پرۆژەیەکی بەرزخوازە بە دروستکردنی پاڵەوانانی ئەمپی شایستە بە بەشداریکردن لە پاڵەوانێتی ئەمپیاد و بەرزکردنەوەی ناوی عێراق لە پاڵەوانێتییەکان.